# "بەنانی کێ ڕەوایە.. شەهادە بە گەڵایە"
# "وەڵامی ئەم داوایە.. بەفیشەك كەی ڕەوایە"

## سەبارەت بە مانگرتنی خوێندكارانی زانكۆكانی سلێمانیو هەولێر

زمناكۆ عەزیز
zmnaco@yahoo.co.uk

دوو هەفتە لەمەوبەر خوێندكارانی كۆلێژەكانی پزیشكیو پزیشكی ددانو ئەندازیاریو یاسا لەزانكۆی سلێمانی، دەستیان دایە مانگرتن بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین لەبەرامبەر كردنەوەی زانكۆی ئایندەی ئەهلیدا. بەو هۆیەوە كە تائێستا دەسەڵاتداران هیچ وەڵامێكیان بەخواستەكانی خوێندكاران نەداوەتەوە، مانگرتنەكە درێژەی كێشاو پەرەی سەندو خوێندكاری چەندین كۆلێژی تر لە زانكۆی سلێمانیو چەند كۆلێژێكی زانكۆی صلاح الدینو ژمارەیەكی زۆر لەخوێندكارانی قوتابخانە ناوەندییەكان هاتنە پشت خواستی خوێندكارە مانگرتوەكان.

خواستەكانی خوێندكاران بریتییە لە داخستنی كۆلێژی ئەهلی ئایندە، خوێندكاران دەڵێن كە ئەو كۆلێژە هیچ پێوانەیەكی بۆ وەرگرتنی خوێندكار لەبەرچاو نەگرتوەو هەموو معیارەكانیان بریتییە لە دانی ئەو پارە زۆرەی كە لەبەرامبەردا لە خوێندكاری وەردەگرن، كە هێندە زۆرە خوێندكاری خێزانێكی ئاساییو كەمدەرامەت بەهیچ شێوەیەك ناتوانێ ئەو برە پارەیە بداتو بەهرەمەندبێت لەخوێندن تیایدا، هاوكات ئەمە ئەكاتە مامەڵەكردن تەنانەت بە بڕوانامەكانەوە بۆ كوڕو كچی مەسئولەكانو ئەوانەی كە پارەدارنو هەروەها دەرچوونیشیان لەقۆناغەكان هەربەو پێوانەی پارەدانە مسۆگەر دەبێت. لەلایەكی تریشەوە بەهۆی كردنەوەی زانكۆی ئایندە مامۆستایانی زانكۆی سلێمانیو ئەوانەی كە هەڵگری بڕوانامەی باڵان بەحوكمی ئەو برە پارە زۆرەی كە لە زانكۆی ئایندە دەیاندرێتێ وازیان لەكارەكەی خۆیان لەزانكۆی سلێمانی هێناوە، ئەمە جگە لەو ئیمتیازاتانەی كە لە زانكۆی ئایندە دابین كراوە بۆ خوێندكاران، لەچەشنی تاقیگەو هۆڵی خوێندنو ئامێری نوێو... هتد.

تا ئێستا ئەم ناڕەزایەتیانە چەندین شێوازی جۆراو جۆری بەخۆوە بینیوە، بەڵام لەسەرجەم ئەو هەنگاوانەدا دەسەڵاتداران زۆر سلبیانە بەدەم ناڕەزایەتی خوێندكارانەوە هاتوونو لەهەندێ جێگادا بەسەركوتو هەڕەشەی فەصڵ كردن، تادەگاتە ڕادەی تەقە كردن لەخوێندكارانو بریندار كردن، وەڵامیان بە داواكانیان داوەتەوە. ئەوەتا لە ڕێپێوانی سەدان كەسیی ڕۆژی 2005/3/13 كە بۆ بەردەم ئەنجومەنی وەزیرانی سلێمانی بەڕێخرابوو، وێڕای وتنەوەی دروشمەكانی " گەر ئێوە بەپەرۆشن.... بۆ شەهادە ئەفرۆشن"و "بەنانی كێ ڕەوایە.... شەهادە بە گەڵایە"یان ئەووتەوە، هاوكات خوێندكاران بەیەك دەنگ هاواریان ئەكرد "وەڵامی ئەم داوایە..... بەفیشەك كەی ڕەوایە"، لەڕۆژی 2005/3/12دا لەئاكامی تەقەكردن لەخوێندكاران لەزانكۆی صلاح الدین 8كەس بریندار بوون، وە لە ڕۆژی 2005/3/10 لە سەیتەرەی بانی مەقان لە نزیك كەركوك ڕێگا لە چەندین خوێندكاری زانكۆی صلاح الدین ئەگیرێت لەچوون  بۆ شاری سلێمانی كە بۆ پشتیوانی لە خوێندكارە مانگرتوەكانی زانكۆی سلێمانی هاتبوون، هەروەها لەملاشەوە ڕێگا لە چەند پاصێكی خوێندكارانی زانكۆی سلێمانی دەگیردرێت كە بۆ پێشوازی لەوان بەرەو چەمچەماڵ ئەرۆیشتن.

بەڵام لەژێر فشاری ئەم مانگرتنەداو بۆ وەڵام بەم کێشەیە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی سلێمانی بەناچاری بەیاننامەیەکی دەرکردوە کە تیایدا بەڵێنی چارەسەری کێشەکەی داوە بەڵام خوێندکاران هیچ چارەسەرێك لە بەیاننامەکەدا نابیننەوەو پێی رازی نین‌و بڕیاریانداوە کە درێژە بە مانگرتن‌و خۆپیشاندانەکانیان بدەن تا بەدیهاتنی تەواوی خواستەکانیان‌و داخستنی زانکۆی ئایندەی ئەهلی.

خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی سەربەخۆ لەرێکخراوەکانی خوێندکارانی سەر بەئەحزابی دەسەڵاتدار ئەم ناڕەزایەتیانەیان دەست پێکردو درێژە پێداوە، بەڵام بۆ ئیحتوا کردنی ئەو دەنگەو بەرگرتن بە تەشەنەکردنی بۆ لایەنەکانی تری پرۆسەی خوێندن، ڕێکخراوەکانی سەر بە هەردوو حزبی باڵادەست‌و حزبەکانی دەوروبەری ئەوان دەیانەوێ دەست بخەنە ئەو مانگرتنەوەو لەجێگەیەکدا بەری پێبگرن، ئەگەر نا ئەوا خوێندکاران لەداخستنی زانکۆی ئاینده کەمتر ڕازی نابن‌و ئەمەش دەرگای چەندین گرفت‌و کێشەی تر ئەخاتە سەر پشت، کە ئەگەر مانگرتنەکە بەم شێوەیەی ئێستای لەسەری بڕوات ئایندەکەی بەقازانجی یەکێتی‌و پارتی نابێت. ئەو دەرگایانەش بریتین لە هەڵدانەوەی مەلەفی ئەو شەهادەدارانەی نێو قیادەی حزبەکان کە بە پارە بونەتە خاوەن شهادە، قسە کردن لەسەر پێدانی منحەی ساڵانەو مانگانە بۆ ئەو قوتابیانەی کە دەیانەوێ لە زانکۆی ئەهلی دەوام بکەن، قسەکردن لەسەر موچەی مانگانەی مامۆستایان بۆ ئەوەی کە ناچار نەبن لەبری پارەی زیاتر زانکۆکان بەجێ بهێڵن، دابین کردنی تەواوی پێداویستی‌یەکانی خوێندن بە پێی ستاندارێکی پێشکەوتوو، باش کردنی هەل‌و مەرجی خوێندن‌و مۆدێرن کردن‌و بەمەدەنی کردنی پرۆسەی خوێندن، جیاکردنەوەی دین لەهەموو بوارەکانی پەروەردەو فێرکردن.

ئەوەی کە لە لای خوێندکاران‌و مامۆستایانیش ئاشکرایە کە ئەم پرۆسەی بەئەهلی کردنەی خوێندن، ئەگەرچی مەرجیشی بۆ دابنرێت‌و لیژنەی تایبەت لە دەزگاکانی دەوڵەت‌و نوێنەری خوێندکاران بەسەریەوە چاودێر بێت، تەنانەت ئەگەر بەندی یاسایی تایبەتیشی بۆ دیاری بکرێت، بەڵام هەر حاڵی لە ئێستا باشتر نابێت‌و بەبڕیارێکی حزبی دەسەڵاتدار هەموو ئەو بەندوبەستە بەهەوادا ئەچێت‌و ڕیسەکە دەبێتەوە بەخوری.

ئەوەتا ئەنجومەنی وەزیرانی سلێمانی بۆ هێشتنەوەی زانکۆیەك کە بوونی مایەی ناڕەزایەتی خوێندکارانە، وە کپ کردنەوەی ناڕەزایەتی‌یەکانی خوێندکاران، دەیان وەعدو بەڵێن ئەدات بەوەی کە زانکۆ حکومی‌یەکان ئیمتیازیان زیاتر ئەبێت‌و قسە لە لیژنەی چاودێری‌و بانکی تایبەت ئەکەن، ئەمە دەسکەوتی باشە بۆ خوێندکاران، بەڵام چی زەمانەتی جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانە ئەکات؟ ئایا حزبەکانی سلێمانی‌و هەولێر بەرلەوەی کە خوێندکاران سەرکوت بکەن‌و بە هەڕەشەی فەصڵ کردن چاوترسێنیان بکەن‌و بەزمانی چەك لەگەڵیان بدوێن، باشتر نەبوو کە بێن‌و بەیاننامە بەناوی حکومەتەکانیانەوە دەربکەن؟ ئایا ئێستا دوای ئەو هەموو بگرەو بەردەیە دەرکردنی بەیاننامەیەك کە معلوم نی‌یە دوای دەرکردنی لەکام سوچی وەزارەتخانەکان فڕێ ئەدرێت، ئەکرێت خوێندکاران متمانە بکەن بەو بەڵێنانە؟ کێشەکە کێشەی خوێندنی ئەهلی‌و بەپارەکردنی بڕوانامەکانە یان بەبیرهێنانەوەی ئەوەی کە دوای دەنگدان پێویسیمان بەیەکڕیزی هەیە؟ یەکڕیزی لای دەسەڵاتداران ئەوەیە کە مل بدرێتە هەموو ویستەکانی ئەوان‌و پشتگوێ خستنی خواستی ملیۆنی خەڵك.

یەکڕیزیو دڵسۆزی بۆ خەڵكو خوێندکاران هەر ئەوە بوو کە خوێندکارانی زانکۆی سلێمانیو صلاح الدینو خوێندکاری قوتابخانە دواناوەندیەکان بەرامبەر بەیەکتری کردیان، ئەوان بەپشتیوانی لەیەکتری توانیان حکومەتو ئیدارەکانو سەرۆکایەتی زانکۆکانو کەناڵەکانی مدیاکانیان بهێننە قسە، بۆیە ئەبێت بەردەوام بێتو تەنها نوێنەرانی ڕاستەقینەی خۆیان کە لەدەرەوەی ڕێکخراوەکانی حزبەکانەوە دیاری کراون، ئەتوانن بەناوی ئەوانەوە بڕیاری کۆتایی هێنان بەم کێشەیە بدەن. وە دڵنیام کە خێزانو کەسوکاری خوێندکارانو خەڵکی کوردستان بەتوندی پشتیوانی لەو خواستەی خوێندکاران ئەکەن. ئەمە ئەبێت ئەو پەیامە بێت بۆ دەسەڵاتداران کە هەر لەناو زانکۆو خوێندنگاکان دەیان گرفتو کێشە هەیە کە ساڵانێکە بێ وەڵام ماونەتەوە، دوای ئەم سەرکەوتنە دێنە سەریانو ئەبێت چارەسەری ئینسانیو پێشکەوتووی بۆ بدۆزرێتەوە.